# شەوترین دۆڵی پیتەکان

عەلی پێنجوێنی
(پێنجوێن)

لەو دەمەوەی بەدەنگ هاتوویتەتە ناو منەوە
هەر لە دووی ئەو نەوایە دەگەڕێم
کە هەموو شەو دەیخەواندم
لەو شەوەوەی وەک پیت نازڵبوویت بۆ ڕۆحم
من هەر لەدووی خەو دەگەڕێم و چاوم بۆ لێک نانرێت
یان ئاسمانم تیا گڕ تێبەردە
یان بهێڵە، چنگێ ئاسمان
بەرمەوە ناو کاسەی سەرم
ئاخر ئەگەر وانەکەم، ئەو ڕێگە دوورودرێژەی
پێی دەوترێت، دۆڵی تاریکی پیتەکان
چۆن بتوانم، بە ناویدا، ڕێبکەم؟
دەمەوێت شتێ بنووسم
دەمەوێت بیدەمە دەم یەک، پیتەکان
سەهلە سەهل، بیدەیتە، دەم یەک، پیتەکان
ئەوەی بۆ من سەختەو ناکرێت
ئەوەی من زیرەی مەرگم، لێکردووە
ئەو بۆشاییە ترسناکەیە، لەنێوان پیتەکاندایە
ئەوەی بۆم نانووسرێتەوە، ئەو دۆڵە تاریکانەیە
ئەو دۆڵە شەواویانەیە، کە دوایی دەزانین
مەودای نێوان پیتەکانە
وەک تاوە تەرزە، خودا پیتی بەسەرماندا باراند
کەچی دەسبەتاڵ، لە نووری ئەو ماینەوە
دەستمان پڕبوو، لە ئافاتەکانی پیت
دڵمان پڕبوو، لە کەلامەکانی خودا
ئەوەی نەمانبینی، ئەوەی نەماندۆزییەوە
ئەوەی بە لیقای شادنەبووین، خۆی بوو، خۆی
خودا خۆی
ئاخر ئەو،
لە بۆشاییە ترسناک و نەبینراوەکانی پیتەکاندایە
خودا، لە شەوترین دۆڵی پیتەکاندا، نیشتەجێیە
نەک لەناو، پیتەکاندا
بە ماڵۆچکەی چەند پیتێک،
کە بە هەزار دەردەسەری دەیدەینە دەم یەکتر
ئینجا قەفەزی مانایەکی لێ دروست دەکەین
دیل دیل تێیدا، ستاردەگرین



کەچی ناوێرین لەناو درزی ئەو بۆشاییانەدا
بمێنینەوە، کە دەکەوێتە نێوان پیتەکانەوە
سەفەری ڕاستەقینە سەفەری نێوان دوو پیتە
لێرەوە، سەفەر بکەو مەهێڵە بگەیتە ئەوێ
لەو بەینەدا، هەرچی جوانی هەیە
بەچاوی دڵ کۆی کەرەوە
دەتوانیت باخێک ڕوانینی تیا سەوزکەیت
با بۆشایی شەوترین دۆڵی پیتەکان
بکەینە ماڵی ڕاستەقینەی خۆمان
ئەگەر، وا نەکەین بۆ ئەبەد
موزیک نارژێتە گوێمانەوە
ڕێگا نارژێتە ناو کەوشەکانمانەوە
–با– سەرسەختە، دەستمان ناگرێت
بۆ ناو ئەو بۆشاییانەی لە درزی شتەکاندا، جێماون
دەتوانین پیتەکان لەت لەت بکەین
دەتوانین ماناکان وەک کریستاڵ
پارچە پارچەیان بکەین
لەتێکیان خوێن تیایدا فیچقەبکات
لەتێکیان کۆترێک تیایدا بگمێنێ
ئەوەی لەت ناکرێ شەوترین دۆڵی پیتەکانە
پیت لەت دەکرێت،
بۆشایی نێوان پیتەکان لەت ناکرێت
بەساڵان دەستم داوەتە دەم ئاو، کەچی
یەکەم کوژراوی دەستی تینوێتی پەنجەکانم بوو
بەساڵان ئەو هەموو پیتەم دایە دەم یەک وەکو گاڕان
کەچی بەرخێکی تازەزاوی جێماوم
بۆ ڕزگار نەکرا
کەواتە پیت و ڕستەکان ڕزگارمان ناکەن
مەکە، شتی وام لەگەڵ مەکە
لەجیاتی ئەوەی، لەناو پیتەکانەوە ئەدوێیت
لەدرزی پیتەوە، لەچکچکەی حەرفەوە بچۆڕێ
ئەم هەموو پیتە مردووە، بۆگەنی ڕستەکانیان
دەگاتە لووتی من
نابینی، کۆشکی ئەو هەموو یاقووتە نابینی
لە بۆشایی نێوان پیتەکاندا؟
قەڵای ڕاستەقینەی دڵن و دەدرەوشێنەوە؟
مەبینە خۆتی لێ لادە، مەبینە
مەیژنەوە، ئەم هەموو ڕستە، مەیژنەوە
نیگای ئەو هەموو ئەڵماسی مردنە بکە
لە درزی پیتەکانەوە ئەدرەوشێنەوە
زەریفیی نێوان پیتەکان، هەر ئەڵێی دەنگی کەوە
دڵخۆش مەبن بەخوێنی ڕژاوی کەوەکان
ئەوەی ئێوە ڕاوتان کرد کەوەکان بوون
نەک قسەی دڵی کەوەکان
خوێن بخەنە ڕستەوە و ڕەفەکانی لێ پڕ کەن لە کتێب
گوللە بخەنە ڕستەوە و کاسەی سەرەکان
پڕکەن لەفیشەک
شەو پڕکەن، لە تەقەی دڵ
وامەکەن، دەنا منیش
کاسەی سەرتان پڕ ئەکەم لە شەو
وامەکەن دەنا منیش
کاسەی دڵتەنگیتان پڕ ئەکەم
لە دەسرێژی چاوەڕوانی
وامەکەن دەنا
درزی نێوان پیتەکان ئاشکرا ئەکەم
ئەو کاتە شار دەبێتە کتێبخانەی بێ کتێب
کەس هێندەی کتێب نازانێت
درزی نێوان پیتەکان چەن ترسناکە
بۆشاییە دۆزەخییەکانی نێوان ڕستە
چەن ترسناک و دەردناکە!!
بەس کتێب دەزانێت ئێمە
چۆن خۆمان شاردۆتەوە؟!
هێشتا ناوێرم توخنی پیتەکان بکەوم
هێشتا خۆم لەو بۆشاییە لائەدەم
کە لەنێوان پیتەکاندایە
خۆم لەدەریای گەورە داوە و
ئەوپەڕاوپەڕکردنی دنیام تەی کردووە
ئەوەی باسم نەکردو بەخەیاڵما نەهات
هیلاکی بوو
لە پیتێکەوە ناتوانم بپەڕمەوە ناو پیتێکی تر
مەلەوانی چۆن وادەکرێت؟
لە پیتێکەوە تادەگەیتە پیتێکی تر
یەک ملیۆن دڵی کوژراو دێتە سەر ڕێت
نایەڵێت بپەڕیتەوە
مەلەوانە ڕاستەقینەکان،
لە شەوترین دۆڵی پیتەکاندان
دەنگت لێدابرین و تاعوونی ئەو هەموو پیتەت نارد
هەزارجار لەناو چەما، زۆرجاری تر
لەناو مورووی شەوەدا، ئەو موروانەی
تەنیا دەنکێکیان دەتوانێت
هەرچی شەو هەیە هەڵیمژێت
لەناو دەنگی ڕسکانی دەنکێ ترێدا

لە بەینی دەنگی دڵی دوو بەرددا
لە زۆر شوێنی تر، کە نازانم کامیان باسکەم
تۆ ڕژاویت، تۆ پژاویت، تۆ پەراش بوویت
ئاخر تۆ ئێشت بەناو پیتەکان چی بوو؟
تۆ بۆ حەز لە مردن ئەکەیت؟
هەر مردنمان هەیە کە تۆ نیتە
حەسوودیمان پێ دەبەیت؟
ئاخر دەبوو تۆ هەبیت، ئەدی کە ئێمە مردین
کێ حیکایەتی مەرگ بگێڕێتەوە؟
ئافاتی ئەو هەموو پیتەت لە کتێبەکاندا، بۆ ناردین
تۆ لەناو کتێبەکاندا مردیت
ئێمەش دنیامان خەڵتانی خوێن کردووە
بۆ بەرز و بڵندڕاگرتنی ناوەکەت
هێزی تۆم لەناو ئەو بەردانەدا بینیوە
کە دەگریان و کەس نەیدەبینین
ئەگەر قودرەتی تۆ نەبوایە
ئەوەتەی بنی دنیا دانراوە
ئاو بۆشایی نێوان دڵۆپەکان دەژەنێت
تۆزێک لەو هێزەت گەر ماوە
وەرەو لەناو دەشتی قاقڕ و بێدەنگی پیتەکانا
لە شەوترین دۆڵی کپی پیتەکانا
جیلوە بکەو دەرکەوە
ئاخر بێ ئینسافییە، ئاخر بێ مروەتییە
مانەوە بەبێ تۆ......ئیلاهی
ئەوەی حیکایەتەکانمان بۆ دەگێڕێتەوە
لەشکری پیتەکان نین
ئەوە ئەو بۆشاییەیە،
کە دەکەوێتە نێوان پیتەکانەوە
ئەوەی کەوتە خەرەندی شەوترین پیتەکانەوە
ئەوە ئەو بێدەنگییانەن، کە تەنیا عیشق دەتوانێ
حوجبیان بکات
ئەوەی فەرهاد، وەک بوونەوەرێکی دڵشکاو
دەگەیەنێتە ناو کاسەی سەری ئێمە
ئەوەی وادەکات بۆ ئەبەد
دەنگی قوڵنگەکەی فەرهاد خەومان لێ بزڕێنێ
ئەوە ڕەوە کوللەی ئەو پیتانە نین
کە وەک گاڕان دراونەتە پاڵ یەکتر و حیکایەتی
شیرین و فەرهادمان بۆ دەنووسنەوە
ئەوە دۆڵی تاریکیی پیتەکان بوون، نەک پیتەکان
دەنگی قوڵنگەکە، ئەو بۆشاییەیە
کە دەکەوێتە نێوان پیتەکانەوە

هەتا دنیا دنیایە، هەر کوێکت لەهەر بەردێکا بینی
ئەوە چکچکەی عارەقی فەرهادە
نەک ئەو پیتانەی
باسی هیلاکی فەرهادیان نووسییەوە
دەنگ وەک دەنگی دڵ
وەک دەنگی ترسناکی بێدەنگی
وەک زرمەی ڕۆح کاتێ لە تاعوونی وشە هەڵدێ
دەنگ بۆشایی بەینی پیتەکانە
ئەبێ عیشقت حوجبە کردبێ، ئینجا ئەزانی
شەوترین دۆڵی پیتەکان کوێ دەکات؟